
ئاڵەکۆک
مهاباد
ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
۱۳۸۵ی هەتاوی(۱٦)



بێریوان مەولانی

خاوەن ئیمتیاز و مودیر مەسئوول: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران: فەرەیدوون حەکیم زادە
ئەمین گەردیگلانی
بەدرەددین ساڵح
تەڕاحی ڕووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور
تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری
بەشی ماڵی: لوقمان ڕەهرەو

تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٣٥
مۆبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨
E. mail: alakoki_ mag @ yahoo.com
www. alekok.blogfa.com
مهاباد- مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۴۵۷

شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۶۹۰۶۴
ڕووبەرگ: غەمگین فەتاح

# کێبەرکێی چیرۆکی ئاڵەکۆک

دۆستانی من، ئەی ئەوانەی هیوای دوارۆژی نیشتمانن. ئاڵەکۆک ئەمجارەش هاتە ناو ماڵی ئێوە و بە دڵنیایی دەڵێم چاوتان روون دەبێتەوە. بۆیە ئێمەش وا بەگەرمی دەمانهەوێ هەموو مانگێ بتانبینین.

ئاڵەکۆک لێتان دەگێڕێتەوە بۆ مانگی ڕەزبەر (مهر) ١٣٨٥ی هەتاوی، لە "کێبەرکێی چیرۆکی ئاڵەکۆک"دا بەشدار بن. گۆڤاری ئاڵەکۆک لە بواری چیرۆک کێبەرکێیەک بۆ منالانی کوردستان پێکدێنێ. لە دواییدا بە سێ چیرۆکی جوان خەڵات دەدرێ.

تکایە چیرۆکەکانتان تا ١٣٨٥/٦/٢٠ بەو ئادرێسە بنێرن:

مەهاباد ـ گۆڤاری ئاڵەکۆک ـ سەندووقی پۆستی ٤٥٧






هەواڵنامەی کتێب



## دەڵێم

خدر حەسەن بێورەیی (هیوا)
سەردەشت

بەیانی زوو هەڵدەستم
جوان دەشۆم چاو و دەستم
نانی دەخۆم بە ماستی
دەپێوم ڕێگای ڕاستی
دەچم بۆ قوتابخانە
نەزانی دەردە ژانە
بۆوەی دوارۆژ بێ ڕووناک
دەخوێنم بە دڵێکی پاک
دەبمە خوێندەوار زانا
بە پێی هێز و توانا
دەکەم خزمەتی هۆزم
بۆ نیشتمان دڵسۆزم
دەپارێزم بە دڵ و گیان
خاکی پاکی کوردستان
ئێمە دڵسۆزین بۆ تۆ
منداڵین ئاریا و ئاسۆ
کە دوارۆژمان ببێ ڕوون
دوژمنمان دەبێ زەبوون



## بەفر

سولەیمان سیابەخت ـ بۆک

دارەکەی نێو حەوشەم
هێندەی بەفر گرت زست

لق و پۆپی دانەو
کاکۆڵی گەیشتە زەو

سیروو و کۆترە باریک
دەستیان کرد بە جریک

هەموو وێرای چۆلەکا
بەفری سەر شانیان تەکا



ئەم پشیلەیە تەماعی لە کامەیان کردووە؟





## باپیرە

ئەمین گەردیگلانی

من منداڵێکی ژیرم
خۆشم دەوێ باپیرم

لە مەدرەسە دێمەوە
لای ئەو دەحەسێمەوە

چایی و ئاوی بۆ دێنم
قەت دڵی نایەشێنم

دەمبا بۆ پارکی شاری
بۆ شوێنی کایە و یاری

هەقلی مەقۆ و جۆلانێ
خلیسکێن و دیلانێ

حەوزی تۆپ و خۆشارکێ
قەتارێن و هەڵپەرکێ

لە ڕێگا دەستم دەگرێ
شتی خۆشم بۆ دەکڕێ

من منداڵێکی ژیرم
خۆشم دەوێ باپیرم



## فوودانە

خاڵند ئەحمەدی
ئاوایی ڕەحیم خان ـ بۆکان

فوودانەیە فوودانە
کڕیومە لەو دووکانە
فووی تێدەکەم دەماسێ
دایکم بۆم هەڵداوەسێ
سوور و زەرد و سپی و ئاڵ
ڕەنگی سادەیە و خاڵ خاڵ
سەوزە لەگەڵ خەنەیی
بەنەوش و مۆر، سوورمەیی
من فوودانەم پێ جوانە
بۆ کایە و یاریمانە
دەستی لێدەی هەڵدەفڕێ
جارجار گرووم لێدەگرێ
با لێیدەدا دەلەقێ
بیکوشم لێم دەتۆقێ
سووکە وەک پەڕی کایە
ئێمە پێی دەکەین کایە
فوودانەم خۆش گەڕەکە
لەو کۆڵان و گەڕەکە
فوودانەمان بە دەستە
شایی و کایە مەبەستە

هەواڵنامەی کتێب





## شەمشەمەکوێرەی ترسەنۆک

وەرگێڕ: ئارام حەسەنپوور

شێرێکی لەخۆبایی کە خۆی بە پاشای ئاژەڵەکان دەزانی، ڕۆژێک کە برسیی بوو، خۆی ئامادە دەکرد بۆ خواردنی گۆشت. لەپڕ هەڵۆیەک بەرەو شێرەکە لوول بوو، لە چاوتروکانێکدا گۆشتەکەی لەبەردەمی شێرەکە هەڵگرت و بەرەو ئاسمان هەڵفڕی، دەنگی نەڕڕەی شێرەکە گەیشتە گوێی هەموو ئاژەڵەکانی جەنگەڵ. شێر داوای لێدەکردن بۆ کارێکی گرینگ هەموو کۆ ببنەوە. کاتێ هەموو ئاژەڵەکان هاتن شێر گوڕاندی: ـ جوان گوێ بگرن! من لەگەڵ هەموو باڵندەکاندا فەرمانی شەڕ ڕادەگەیەنم. ئێمە دەبێ هەموویان لەنێو بەرین. تەنانەت نەهێڵین یەک باڵندەش دەرچێ.

ئاژەڵەکان هەموو گوتیان: ـ ئامادەی شەڕین.

ئاژەڵەکانی دیکەش زۆر لە دەست باڵندەکان توورە بوون، چونکە ڕۆژ نەبوو خۆراکیان لێ نەرفێنن.

شەوێ کاتێک باڵندەکان گەڕانەوە بۆ هێلانەکانیان ئاژەڵەکان هێرشیان کردە سەریان. لەو هێرشە کتوپڕەدا باڵندەکان چونکە لەو تاریکاییەدا چاویان نەیدەدی، بەزین و هەر یەکەی بە لایەکدا هەڵاتن. تەنیا کوندەبوو چاوی دەیدی و باڵندەکانی بەرەو شوێنێکی باش ڕێنوێنی کرد. شەمشەمەکوێرە کە زۆر ترسا بوو. باڵی فش کردەوە و لە بەردەمی شێردا چۆکی دادا و گوتی: قوربان! هەر وەک دەزانی من لە بنەماڵەی مشکەکانم. ئەگەر ئیجازە بدەی من دێمە ڕیزی ئێوەوە و هەتا دوایین هەناسەم لەگەڵ باڵندەکان شەڕ دەکەم. شێر لە کاتێکدا کە ناوێ (شەمشەمەکوێرەی ئازا)ی لێنا، ئیجازەی پێدا بێتە ڕیزی ئاژەڵەکانەوە. بەیانی ڕۆژی دوایی کە خۆرهەڵات. ئاژەڵەکان لە نێو مێرگێکدا خەوتبوون. لەپڕ باڵندەکان هێرشیان کردە سەریان. باڵندەکان کە بەرد و گوێزیان بە چنگ و دەنووک هەڵگرتبوو، دەیاندا بە سەروچاوی ئاژەڵەکان. ئاژەڵەکان هاواریان دەکرد "ئەی هاوار بارانی بەردا ئەی هاوار...هاوار..." هەر یەکەی بەلایەکدا هەڵاتن.

شەمشەمەکوێرە کە دیتی ئاژەڵەکان بەزیون، زۆر ترسا بوو. دیسان باڵی فش کردەوە و لە بەردەمی هەڵۆکەدا چۆکی دادا و گوتی: هەر وەک دەبینی من باڵندەم و پێم خۆشە بێمە ڕیزی ئێوەوە. هەتا دوایین هەناسەشم لەگەڵ ئاژەڵەکان شەڕ دەکەم.

هەڵۆکە قسەکانی شەمشەمەکوێرەی بەدڵ بوو، ئیجازەی پێدا بچێتە ڕیزی ئەوانەوە. بەڵام زۆر زوو شەڕ لە نێوان ئاژەڵ و باڵندەکاندا دەستی پێکردەوە. مەیموونی وریا کە هەموویان کڵاوی نارگیلیان لەسەر نابوو، هێرشیان هێنا و لە پشت فیل و کەرگەدەنەکانەوە تیریان لە باڵندەکان هەڵدەکرد. باڵندەکان ناچار بوون بەرەو جەنگەڵ پاشەکشێ بکەن. شەمشەمەکوێرە کە ئەوەی دی بۆ دووهەمین جار چووەوە ڕیزی ئاژەڵەکان. کاتێکیش باڵندەکان سەرکەوتنەوە. دیسان چووەوە ڕیزی باڵندەکان. بەڵام هەر دوو دەستەکە بەو ئاکامە گەیشتن کە لە ڕێی شەڕ و کێشە بە هیچ کوێ ناگەن. هەر بۆیە لەگەڵ یەکتر ئاشت بوونەوە. لێرەدابوو کە کاری ناحەزی شەمشەمەکوێرە ئاشکرا بوو.

هەر دوو دەستەکە شەمشەمەکوێرەی ترسەنۆکیان لە ڕیزی خۆیان دەرکرد.

لەو ڕۆژەوە شەمشەمەکوێرە ناچار بوو بە ڕۆژ لە ئەشکەوتەکاندا خۆی بشارێتەوە و شەوان بە دزییەوە بێتە دەرێ و هەڵفڕێ.





# کچی شەو

تریفە بۆکانی ـ هەولێر

ڕۆژێک کچی شەو دەیهەویست بچێ بۆ میوانی. خۆی جوان کردبوو، پرچی داهێنابوو. چووە بەر ئاوێنە و لە خۆی ڕوانی، یەکێک لە ئەستێرەکانی دیار نەبوو. هەموو ئەستێرەکانی بژارد، بۆی دەرکەوت ئەستێرەی کاروانکوژەی لێ دیار نیە. وەبیری هاتەوە دوێنێ شەو هێندەی نەمابوو بەربێتەوە. هەر بۆیە سەیری خوارێی کرد، دیتی لە سەر زەوی کەوتووە. هەڵیگرتەوە و بە جلە جوانەکەی خۆیدا هەڵیواسی، بەڵام دیتی وەکوو جاران جوان و گەش نەمابوو. تۆزێک لە تریفەی خۆیدا بە کاروانکوژە. ئەویش دیسان گەش و جوان بۆوە، ئەمجار کچی شەو بە شادی و خۆشی ڕۆیشت بۆ میوانی.




دوو دوو برۆ با وێنەیەک دەرکەوێ کە وێنەی گیانداری لاپەڕەی چوارە.





هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




## قشقەرە

لەیلا یۆسفی ـ سلامەت
پێنجەمی سەرەتایی

بـە مـن دەڵێـن قـشـقـەرە
هـەڵـفـڕێـنـم بـە پـەرە
لە دەم گوێسوانان دەقـڕم
کەشکێک هەڵدەگرم دەفڕم
ئـەگەر میـوانیشـو هـات
لە نێزیک یان دوور وڵات
بـە پـرتـاو دێـمە لاتـان
هـەواڵ دەدەم بـە مـاڵتان
کـابـانی مـاڵ دەبینـێ
لیـچی هـەڵـدەقـرچێنـێ
لـە بـەرخـۆیـەوە دەڵـێ
بـەردی لـێدەن بـا هـەڵێ
قـڕەقـڕت خـێـر بـێ
چـاوی چـەپـەت کوێر بێ
تۆخوا بۆ لـەتە کـەشکێ
مەهێلـن دڵـم بـشـکـێ

## کارجوان

سەلاح نیساری ـ بۆکان

کەژاڵ لەبەر هەیوانەکەوە چاوی لە گوێسوانەکەی رووبەڕوو بڕیوە، زەردەواڵەکان بـە ئارامی دێن و دەچن، بە ئاستەم گوێم لە وزە و دەنگی باڵیان دەبێ، دەچمە تەنیـشتی و بـە هێمنی دەڵێم:

لە چی ڕاماوی؟! بە قامکە شووشەکانی ئاماژە دەکا بـۆ شـانەی زەردەواڵـەکان دەڵـێ: "شیلان، ئەو زەردەواڵانە چۆن دەزانن شتی وا ساز بکەن؟"

منیش بە پێکەنینەوە دەڵێم: "جا ئەوە چـیـە! پـوورم دەزانـێ تەشـی بڕێـسێ، نـەنکم، سەرکڵاو و گۆرەوی دەچنێ و خـاڵم دەزانێ جۆلایی بکا، منیش حەزم لە کامپیوتێرە!

ساڵی دووەم، ژمارە ١٦ . ١٣٨٥






١ـ پەرچەم بە کوردی.

٢ـ دیاری وەرزی هاوین.

٣ـ لە ئاوی‌دا.... دەکەن تا فێنک ببنەوە.

٤ـ هاوڕێی مانگ لە شەودا

٥ـ شاری هەنار لە ئێران.

٦ـ بنکەی فێرکردنی زمانی کوردی لە مەهاباد.

نامەی "فاتمە مرووەتی"
بە دەستمان گەیشت؛ فاتمە گیان
هیواداری نامەکانت بەردەوام بێ

وەڵامی جەدوەلی ژمارەی ١٣ پێشکەش دەکەم

١- هەڵاڵە ٢- هاوار ٣- رووبار ٤- روون

٥- نان ٦- نەورۆز ٧- زایین ٨- چاو

فاتمە مرووەتی ڕێولان (ئاڵان) تەمەن ١٢ ساڵ



هەواڵنامەی کتێب



# لاساکردنەوە

تاهیر قادری‌ئەقەدەم ـ ١٥ ساڵە ـ مەهاباد

ڕۆژێ لە ڕۆژان، لە ناو لێرەوارێکی پان و بەرین، ڕێویەک دەژیا. ئەو ڕێویە هاوالّی شێرێکی بەهێز بوو. ڕۆژێک ڕێوی بە شێری گوت: دەبێ ڕێ و ڕەسمی ڕاوم فێر بکەی. شێریش قەبووڵ دەکا و پێی دەڵێ با بچینە ناو جەنگەڵ تا فێرت بکەم. هێدی هێدی دەڕۆن تا لەنەکاو دەگەنە کەرویشکێک.

شێر دەڵێ: چەنگاڵەکانم تیژن؟ ڕێوی دەڵێ: تیژە.

شێر دەڵێ: کلکم قیتە؟ ڕێوی دەڵێ: قیتە.

شێر دەڵێ: مووی سەرم جوانە؟ ڕێوی دەڵێ: مووی‌سەرت بەرز و جوانە.

شێر پەلامار دەباتە سەر کەرویشک و ڕاوی دەکا. ڕێوی دەڵێ: وەڵڵا فێری ڕاو بووم و ماڵ ئاوایی لە شێر دەکا.

ڕۆژێک ڕێوی دەگاتە دەعبایەک. دەعبایەک دەڵێ: مام ڕێوی بۆ کوێ دەچێ؟

ڕێوی دەڵێ: دەچمە ناو لێرەوار بۆ ڕاو. دەعباکە دەڵێ: ئەمنیش دێم.

دەڵێ: با بڕۆین ڕێوی لە ناو لێرەوارەکە دەگاتە کەرێک.

ڕێوی دەڵێ: چەنگاڵەکانم تیژن؟ دەعباکە دەڵێ: تیژە.

ڕێوی دەڵێ: کلکم قیتە؟ دەعباکە دەڵێ: قیتە.

ڕێوی دەڵێ: مووی سەرم جوانە؟ دەعباکە دەڵێ: مووی سەرت بەرز و جوانە.

ڕێوی پەلامار دەباتە سەر کەرەکە. کەر بە هەموو تاقەتی خۆی لووشکێکی لێ‌دەدا و ڕێوی دەخا. ڕێوی و دەعباکە تێیان قاچاند و هەڵاتن. منالینە ئەوەش ئاکامی لاساکردنەوە.






# ئەو وێنەیە ڕەنگ بکە





## سارا

بێهناز حەسەنی ـ مەهاباد

ئاواڵی من سارایە
لەنێو دڵی مندایە
سارا گەلێک وشیارە
دۆستی خوێندن و کارە
کچێکی زۆر ئاقڵە
شیرنە و لەبەر دڵە
کاتێ دێ بۆ مەدرەسە
دەڵێ ئیدی خەو بەسە
چونکە ئازا و شیرنە
بۆیە ئاواڵی منە

## بۆ پێکەنین

هێمن حەسەنپوور ـ بۆکان

### چاوێشە

کوڕێک لەسەر دارێک بەر دەبێتەوە و لاقی دەشکێ دەیبەن بۆ لای دوکتۆر. دوکتۆر دەوای چاوی بۆ دەنووسێ. کوڕە دەڵێ:

ـ ئاغای دوکتۆر من لاقم شکاوە، تۆ دەوای چاوێشەم بۆ دەنووسی؟

دوکتۆر دەڵێ: ئەگەر چاوێشەت نەبوایە نەدەچوویە سەر ئەو دارە!

### عەکاسی

ڕۆژێک مامۆستایەک بە قوتابییەکەی دەڵێ: جوملەیەک بۆ عەکاسی دروست بکە.

قووتابییەکە دەڵێ: پازدە و پازدە ئەکا سی.





هەواڵنامەی کتێب

# منالّ و زەوی




وەرگرتوو لە گۆڤاری پەپوولە



هەواڵنامەی کتێب

## وەرزێری پڕکار

ئەو وەرزێرە هەموو ڕۆژێ کار دەکا. یارمەتی بدە تاکوو ڕێگەی خۆی لە دەورووبەری مەزرایە بدۆزێتەوە. دەست پێ بکە. پێنج پێنج بژمێرە.

تێبینی۱: پاش ئەوەی کە ڕێگەکەت دۆزیەوە، ڕەنگی بکە.
تێبینی۲: لە ژمارە ۱۰۰را ببژێرە تا سیفر (۰)، پێنج پێنج وەرە دوایە.






هەواڵنامەی کتێب




**Mamosta le qutabîyekanî pirsî**: Kê ezanê cejin çîye? **Aras witî**: Mamosta, cejin wate cilî ciwan û pêl̈awî taze û çerxûfelek û dîlanê. **Şîlan witî**: Mamosta, cejin wate xwardinî betam û şîrînî û şerbet. **Paşan Hamino destî hel̈bir̈î û witî**: Mamosta, cejin wate serdanî xizm û kesukar û hawr̈êyan. **Mamosta witî**: **Emane** hemûy rastin, bel̈am le yadtan neçêt, cejne pîroze le yektir biken û eger leser şitê le yektir ziwîr bubûn, aştbibnewe û yektirîtan xoşbiwêt.

هەواڵنامەی کتێب



پەریا شاسەنەم ـ 4 ساڵە ـ بۆکان

## بۆ شەوە؟

ئاخە بلێ پووری تۆ بۆچی دەرسەکانت باش ناخوێنی؟
ئەو شەوە لە ماڵی بابەگەورەم پرسیارێکم لێ کرد، خۆ نەیزانی وەڵامم بداتەوە.
پرسیم: بۆچی شەوە؟
نەیزانی.
خۆم کوتم: لەبەر ئەوەی بخەوین.
ئاوا دەبێ وەڵام. خۆ من هێشتا دەرسیشم نەخوێندووە.

## ماری کوبڕا

من گلەیی لەو کارخانەیە دەکەم کە مینج و ماروپڵلەی دروست کردووە. چونکە ئەو رۆژە کاتێ لەگەڵ بابم کایەی ماروپڵلەمان دەکرد؛ ئەوەندە بەزەییم بە خۆمدا هات، هەر نەبێتەوە.

بابم کوتی: پەرە! ئەو دوو مارە، ماری کوبران!

ئەمنیش بڕێ بیرم کردەوە و کوتم: ئەی بابە، کوا ماری من؟ بۆچی ماریان بۆ کوبرای ئامۆژنم داناوە، بۆ منیان دانەناوە؟!





رامین ئەحمەدزادە
مەعدەل ۱۹/۸۷ (تیکاب)



کەژوان فەتحزادە
مەعدەل ۱۹/۹٤ (بیجار)



سینا سولتانیان
مەعدەل ۲۰ (بۆکان)

















ئاڵەکۆک

خۆشەویستی هەموو منداڵانە